سوێند بە ئەوەی کە نەفسی موحەممەدی بە دەستە، هیچ کەسێک نییە لەم ئومەتە لە جولەکەیەک یان نەسڕانیەک سەبارەت بە من ببیسێت، پاشان بمرێت لە سەر باوەڕ نەهێنان بەو پەیامەی کە من پێی نێردراوم؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سوێند بە ئەوەی کە نەفسی موحەممەدی بە دەستە، هیچ کەسێک نییە لەم ئومەتە لە جولەکەیەک یان نەسڕانیەک سەبارەت بە من ببیسێت، پاشان بمرێت لە سەر باوەڕ نەهێنان بەو پەیامەی کە من پێی نێردراوم؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێند دەخوات کە هەرکەسێك لەم ئومەتە* سەبارەت بە ئەو ببیستێت، ئینجا جولەکە یان گاور یان هەریەکێکی تر کە پەیامی پێغەمبەری پێدەگات -صلى الله عليه وسلم-، پاشان بمرێت وباوەڕ نەهێنێت بە پەیامی ئیسلام ؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە و بەهەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتەوە. *(ئومەت: لێرەدا مەبەست لێی ئومەتی بانگەوازە هەروەکو زانایان فەرموویانە، چونکە ئومەت دوو جۆرە: ئومەتی بانگەواز وئومەتی وەڵامدانەوە، ئومەتی بانگەواز هەموو خەڵکی سەر زەوی دەگرێتەوە، وئومەتی وەڵامدانەوە تەنها مەبەست لێی ئومەتی ئیسلامە کە باوەڕیان بە هەموو پێغەمبەران هێناوە)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3272